https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.21

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# گڵێنەی ساسانی لە گردی کاژاو لە دەشتی شارەزوور

## (توێژینەوەیەکی مەیدانی_ شیکاری)

زانا عبدالکریم قادر    پ. ی. د. دڵشاد عزیز مارف

بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

Zana.barznji85@gmail.com    DLshad.Marf@univsul.edu.iq

**پوختە :**

گردی کاژاو دەکەوێتە خۆرهەڵاتی دێی بێستانسوور لە دەشتی شارەزوور، ئەم گردە لە ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦ کنەوپشکنینی شوێنەواری لەلایەن تیمێکی هاوبەشی ئەڵمانی و شوێنەواری سلێمانی تێدا ئەنجامدراوە. چینێکی گرنگی سەردەمی ساسانییەکان لەم گردەدا دەرکەوت.

ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتەسەر گڵێنە ساسانییەکانی گردی کاژاو، نەخش و نیگارەکانی سەر گڵێنەی ساسانی جۆراوجۆرن و شوێنی دابەشبوونی نەخشەکانیش لەسەر پارچەکاندا جیاوازن. جگە لەوەی بە چەندین شێوازی جیاوازی وەک هەڵکەندن، بە شێوەی زیادکردن یاخود خستنەسەر، هەروەها چاپی مۆرەکانیش لەسەر گۆزە و کوپەکانی ئەم سەردەمە بۆخۆیان چەندین جۆری نەخش لەخۆدەگرن، بە شێوەی دارشتە و بە شێوەی وێنە بە ڕەنگکردن دروستدەکرێن، جۆری نەخشەکان لە ڕووی بابەتییەوە دەناسێنین. ئەمانە و قوڕ و پێکهاتەکەی بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی گڵێنەکە و گڵێنەی ساسانی ڕووندەکەینەوە.

## گڵێنەی ساسانی لە گردی کاژاو لە دەشتی شارەزوور

## (توێژینەوەیەکی مەیدانی_ شیکاری)

### پێشەکی

گڵێنە وەک بەردەنووس و نەخشی هەڵکۆڵراو و تاقەکان، تەلارسازیی قەڵا و شاری بنیاتنراو، مۆزایک، مۆر، دراوی ساسانی، سینی کانزایی، شوشەسازی و چەندینی تر، هۆکارن بۆ خستنەڕووی هونەر و مێژوو و شارستانیی سەردەمی ساسانی. سەرباری ئەوەش، گڵێنە و نەخش و نیگارەکانی سەری و تایبەتمەندییەکانی گڵێنەکە هیچی لەوان کەمتر نییە و مێژووی سەرهەڵدان و پەلهاویشتن و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی دەوڵەتەکە و کاریگەریی شارستانییان لە ناوچەکەدا دەخەنەڕوو.

لە دووتوێی توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە ئاماژە بە جۆرەکانی نەخش و شوێنی دابەشبوونیان بەسەر پارچەکان و بەسەر شوێنە شوینەوارییەکاندا بخەینەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش هێڵکاری و دابەشکاری و خشتەی پێویستیان بۆ کراوە. جگە لەوە، جۆری نەخشەکان لە ڕووی بابەتەوە دابەشکراون و ناسێنراون. هەروەها چینە ساسانییەکان لە شوێنەوارەکانی دەشتی شارەزوور، بازیان، ڕانیە و مەرگە سەرنجی خراوەتەسەر. هەر یەکەی بە جیا چەند شوێنی شوێنەواریی چین و سەردەمی ساسانی تێدادەرکەوتووە و ناوی شوێنی شوێنەواری، دەستەی کنەکار، وەرزەکانی کنەکردن، چاخی دەرکەوتوو بەخشتە ڕوونکراوەتەوە.

مێژووی ڕووپێوی و کنەوپشکنینەکان، چاڵی لێدراو، ئاست و چاخی دەرکەوتووی شوێنەوارەکان ڕاڤەکراون. لە میانەی کارەکاندا هێڵکاری بۆ نموونەی گڵێنەی هەڵبژێردراو لە شوێنەوارەکانی سنووری توێژینەوەکە و هاوسنووری سنووری توێژینەوەکە کراوە. جگەلەوە، لە خشتەی

تۆمارکردنی نموونەی گڵێنەی هەڵبژێردراودا شێوە، شوێن و ژمارەی پارچەکان، جۆر و شێوە و ئاڕاستەی پارچە (لێوەکە)، نەخش و نیگار، مشتومالّی ڕووکاری دەرەوە، ڕەنگی ڕووکاری دەرەوە، شێوازی دروستکردن و هاوتەریبییەک بۆ پارچەکان پیشاندراون. لە باسکردنی قوڕ و پێکهاتەی گڵێنەی هەڵبژێردراودا هەوڵدراوە سەرنجی ورد بخرێتەسەر گڵێنەکە و لەخۆگرتنی مادەی ئەندامی (پوش و کا) و کانزایی (زیخ، دەنکە لم، گەچ، قەبارە و چڕی و ڕێژە و ڕەنگی لەخۆگرتنەکە، ڕێژەی سوورکردنەوە، هەروەها نموونەی گڵێنەی هەڵبژێردراوی ساسانی لە شوێنەوارەکەدا بە وێنە نیشاندراوە.

سەرباری ئەوەش چەندین خاڵ بۆ بەرچاوڕوونی لەسەر گڵێنە، شێوازی دروستکردنی گڵێنە، قوڕ، ڕەنگی قوڕ، سواغکردن، شێوازی دروستکرنی نەخشەکان، یاخود تایبەتمەندیی گڵێنەی ساسانی لە سنووری توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو. هەروەها زۆر جار گڵێنەکە ڕووکاری دەرەوەیان ساف و لوس، خز، خلیسک، بریقەدار، ڕووپۆش یاخود شووشەپۆش کراون بە مەبەستی ڕازاندنەوە و بەکارهێنانیان بە مەبەستی جۆراوجۆر، ڕەنگکردن لەسەر گڵێنەی ساسانی لە سنووری توێژینەوەکەدا زۆر دەگمەنە یاخود نییە. هەروەها ڕەنگی ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەی گڵێنەکان و تەنانەت کرۆکی گڵێنەکەش پەیوەستە بە ڕادەی بوونی ئۆکسجین لە کوورەی سوورکردنەوەی گڵێنەکان، ڕەنگی قوڕەکان بە گشتی قاوەیی کاڵ و پەڕیو، قاوەیی سوورباوی کراوە، قاوەیی تێر، سوور، سووری کاڵ، سووری کراوە، پەمەیی، سپی، سپیی پەمەیی کاڵ، زەردی کاڵ، زەردی سوورباون، بەڵام زۆر بە کەمیش خۆڵەمێشی کراوە، خۆلەمێشیی سەوزباو، خۆڵەمێشیی بۆرباوی کراوە، سەوزی تێر، پیرۆزەیی شین/ سەوز دەردەکەون. جێی ئاماژەیە لە ناوچەی شیرووخ (Shirkooh) لە بیابانی ناوەندی ئێران جگەلە گڵێنەی گڵجۆشی ڕەنگ سەوز و ڕەنگ شین، ڕەنگی سپی و قاوەیی و زەردیش دەردەکەون (باغ

شیخی و دیگران، (١٣٩٨)، ٩٣). بە گشتی بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی پێکهاتە و چڕیی پارچەکە دەکرێت هەویری (قوڕ)ی گڵێنەکە دابەشبکرێن بۆ سێ کۆمەڵە کە ئەوانیش قوڕی ناسک، مام ناوەند، زبر (محمدی فر و طهماسبی، (١٣٩٣)،١٤٤).

## نموونەی هەڵبژێردراوی گڵێنەی ساسانی لە گردی کاژاو

کاژاو گردێکی شوێنەواریی بچووکە، دەکەوێتە لێواری باکووری ڕۆژئاوای دەشتی شارەزوور، و باشووری ڕۆژهەڵاتی عەربەت بە دوریی (7کم)، لە سنووری خۆرهەڵاتی دێی بێستانسوور. ( ,Tamm (2020) 423). لەگەڵ ئەوەشدا، چەند سەد مەترێک لە کانی سروشتی بێستانسوور دوورە، کە دەڕژێتە ناو ڕووباری تانجەڕۆوە ,Otto). (1 ,2015(نەخشەی ژمارە 1) و (وێنەی ژمارە ١).



وێنەی ژمارە ١: دیمەنێکی گشتی گردی کاژاو لە کاتی کنەوپشکنینەکانی ساڵی ٢٠١٦. (فۆتۆ: ئامانج ئەمین).

شوێنەکەی دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکیی گواستنەوە لە ناوچەکە لە بناری چیاکانی زاگرۆس. ئەم ڕێگایە لە هەولێر و ئاشوورەوە دەڕوات بەرەو کوێستانەکانی ئێران و بۆ هەمەدان و بەرەو عیلام. و یەکێکە لە

چەند ڕاڕەوێکی سروشتی کە بەناو زاگرۆسدا تێپەڕدەبن. ( Otto & Tamm, (2015), 3).




نەخشەی ژمارە (1): هەڵکەوتەی جوگرافی گردی کاژاو، ئەم نەخشەیە تایبەت بۆ ئەم دروستکراوە. (نەخشەساز: نەوزاد لطیف)

هەروەها پێگە گرنگەکەی، لە نزیک کانییەکی هەمیشەیی کردوویەتییە سەرە ڕێگای کاروانەکان بۆ گواستنەوەی کەلوپەل لەنێوان کوێستانەکانی زاگرۆس و دەشتی باکووری میسۆپۆتامیا ( Tamm, et al., (2018), 92).

گردی ناوبراو بە نزیکی (4) هێکتار زەوی دادەپۆشێت، و پێکدێت لە دوو گردۆڵکە. گردۆڵکەی (A)، دەکەوێتە باکوور و شێوەی هێلکەییە، و گردۆڵکەیەکی متە (٣-٢ م). هەروەها گردۆڵکەی (B) دەکەوێتە باشوور و

شێوەکەی بازنەییە، (10م) لە ئاستی دەشتەکەی چواردەوری بەرزترە (Tamm, 2020, 3). (بۆ بینینی ناوی شوێنی شوێنەواری، دەستەی کنەکار، وەرزەکانی کنەکردن و چاخی دەرکەوتووی شوێنەکە دەڕواندرێتە خشتەی ژمارە(١)).

خشتەی ژمارە(١)- ناوی شوێنی شوێنەواری، دەستەی کنەکار، وەرزەکانی کنەکردن و چاخی دەرکەوتووی شوێنەکە دەخاتەڕوو.

| ناوی شوێنی شوێنەواریی | دەستەی کنەکار | وەرزەکانی کنەکردن | چاخ |
|---|---|---|---|
| گردی کاژاو | زانکۆی هایدلبێرگ به هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی | 2015<br>2016 | - کۆتایی چاخی بەردینی کانزایی (A)، (C)<br>سەرەتای بنەماڵەکان ١ (A)، (C)<br>کۆتایی سەرەتای چاخی برۆنز. (A)، (C)<br>ناوەڕاستی چاخی برۆنز (هەر سێ چاڵەکە)<br>سەردەمی شاملو (A)، (C)<br>کۆتایی سەردەمی ساسانی (A)، (B)<br>سەرەتای سەردەمی ئیسلامی (B) |

گردی کاژاو دوو قۆناغی سەرەکی نیشتەجێبوونی تێدا دەردەکەوێت. کە تێیدا نشینگەکە دەگاتە زۆرترین ئاستی فراوانبوون کە قۆناغێکیان لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (سەردەمی بڵاوبوونەوەی گڵێنەی شاملو)، ئەوی تریان لە کۆتایی سەردەمی ساسانی- سەرەتای سەردەمی ئیسلامی (سەدەی5-7ز.). (Otto & Tamm, 2016, 14 ) (Otto & Tamm, 2015,16). (دەڕواندرێتە: وێنەی ژمارە ٢).



وێنەی ژمارە ٢: دیمەنێکی کنەوپشکنین لە گردی کاژاو و دۆزینەوەی پایەی تەلارێکی سەردەمی ساسانی، کنەوپشکنینەکانی ساڵی ٢٠١٦. (فۆتۆ: ئامانج ئەمین).

گردی ناوبراو یەکەم جار ساڵی(1943) لەلایەن بەڕێوبەرایەتیی گشتیی شوێنەواری عێراقی (المؤسسة العامة للآثار،١٩٧٠، ٣٣٤ )ەوە تۆمارکراوە. لە پڕۆژەی ڕووپێوی شارەزوردا (SSP) بە ژمارە(8) تۆمارکراوە (Otto & Tamm, (2015),2-3).

گردی ناوبراو لە (4) ڕووبەری جیاوازدا(D,C,B,A)کاری پشکنینی بۆ کراوە:

**ڕووبەری (A):**

بە نزیکی دەکەوێتە ناوەندی گردۆڵکەی باکوور (A)( Otto & Tamm, (2015),3).

تەلارسازی (A1), بە سەردەمی ساسانی دیاریدەکرێت کە ڕاستەوخۆ لەژێر ڕووکارەوە دەردەکەوێت (Otto and Tamm, (2015),8) و

دەکەوێتە سەر دیواری سەردەمی شاملو کە یەک مەتر لە خوارترە ( Otto & Tamm, (2016),14).

لە ناوکەوی زەوی (Floor) تەلارسازی(A1) دا، کە بە نزیکی دەکەوێتە خوار (1م)، لەژێر ڕووکاری زەوییەکە,Otto) (7,,(2015) چەند پارچە گڵێنەیەکی نەخشێنراو بە نەخشی هێڵی شەپۆلدار و کەلکردن دەرکەوتن، سەردەمیان بە کۆتایی سەردەمی ساسانی - سەرەتای سەردەمی ئیسلامی دیاریدەکرێن.

تەلارسازییەکە بەلایەنی کەمەوە (6) پایە لەخۆدەگرێت، کڵێسایەک لەگەڵ چەند هەیوانێک، ڕەنگە هاوشێوەی هەیوانی کۆتایی سەردەمی ساسانی (سەدەی 3-6 زاینی)بێت لە دەربەندی بازیان کە دەکەوێتە (60 کم) لە باکووری ڕۆژئاوای کاژاو (Otto & Tamm, (2015),10)، (Otto & Tamm, (2016),12-14). کە بەشێە لە تەلارسازیی ساسانی و وەک کڵێسایەکی نەستۆرییەکان لێکدەدرێتەوە. کە هاوتەریبییەکی ڕوونی لەگەڵ هەندێک لە کڵێساکانی کۆتایی سەردەمە دێرینەکان ( Late Antiquity)لە سوریا هەیە. هاوشێوەیە لە ڕووی دوو نیوە ستونەکان و بنیاتنانەوە. کە بەهەمان شێوە لە بەردی درشت و قسڵ دروستکراون. (Tamm, et.al,(2018),123). ئەم بۆچوونەش بە بوونی چەندین پارچە گڵێنەی مۆرکراو بە نەخشی خاچ، پشتڕاست دەکرێتەوە کە بۆ کۆتایی سەردەمی ساسانی دەگەڕێتەوە.

### ڕووبەری (B):

چاڵێکی پلەدارە(Step Trench) و دەکەوێتە لێژایی گردە سەرەکییەکە، بە ڕووی باکووریدا (Otto, (2015),3) و گردی ناوبراو لە (3) ئاست(Level)پێکدێت.

ئاستی یەکەم، تەنها لەسەر ترۆپکی گردەکەیە و دەکەوێتە نیوەی باکووری چێوەی (558990/3915430) بە سەردەمی سەرەتا بۆ ناوەڕاستی سەردەمی ئیسلامی دیاریدەکرێت ( Otto & Tamm, (2015),14)،(Otto, (2015), 7).

ئاستی دووەم، کە قەڵایەکی زەبەلاحە، دەکەوێتە سەر گردەکە و سەردەمەکەی بە کۆتایی سەردەمی ساسانی بۆ سەرەتای سەردەمی ئیسلامی دیاریدەکرێت (Otto & Tamm, (2015),14; Otto, (2015),7). لەگەڵ ئەوەشدا، ناوکەوی زەوی (زەمینە) ئاستی (2) بە نزیکی دەکەوێتە (2)م خوار ڕووکاری زەوییەوە.

ئاستی سێیەم، تەنها لە چێوەکانی (558990/3915415) باشووری ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوا، و لە چێوەی (3915415 558990/) باشووری ڕۆژئاوا دەردەکەوێت و بە سەردەمی ساسانی دیاریدەکرێت(Otto & Tamm, (2015),14; Otto, (2015),7).

ئاستی دووەم کە دیوارێکی خشتی قوڕینی فراوانە، دەکرێت بەشێک بێت لە قەڵایەکی کۆتایی سەردەمی ساسانی. هەروەها بوونی درهەمێکی زیوین لە چینەکانی سەرەوەی دیوارە خشتە قوڕینەکە کە بۆ سەردەمی سەرەتای فەرمانڕەوایی قوبادی یەکەم (488-496؛499-531)( Otto & Tamm, 2015,15) یاخود بۆ جێگرەوەیەکی قوباد دەگەڕێتەوە (Tamm et al,(2018), 109) و ڕێی تێدەچێت کە بە فەرمانی قوبادیش بنیاتنرابێت (Otto & Tamm, (2016),8).

لەگەڵ دۆزینەوەی چەندین پارچە گڵێنەی مۆرکراو، کە لە کۆتایی سەردەمی ساسانی و بە تایبەت لە ناوچەی باکووری میسۆپۆتامیا دەردەکەون، سەردەمی قەڵاکە بە ڕوونی دیاریدەکات، لە گڵێنە

مۆرکراوەکاندا ڕەگەزی (Motif) خاچ و ڕەگەزی ئاژەڵی دەناسرێنەوە. (Tamm, et al., (2018), 133).

ڕەگەزی خاچە سادەکان زۆرجار بە هێڵە کورتەکان دەورەدراوە، کە ڕەنگە هەندێک جۆری خەرمانەی مانگ نیشانبدات ( Tamm (2020), 426) بەهەمان شێوەی شوێنەواری تاقۆسان[1] یەکێک لە پەیکەرەکان تیشکی خۆر بە شێوەی بازنەیی خەرمانەی داوە بە دەوری سەریا، کە زانایان پێیانوایە ئاهوڕامەزدا بێت (کۆباجی، (١٩٩٨)، ٣٩). هەروەها بە پشکنینێکی وردی هەندێک لە پارچەکاندا ڕووندەبێتەوە کە مۆرەکان لە تەختە هەڵکۆڵراون.

دووەمیان، ڕەگەزی ئاژەڵی لە کەڵە ئاسکەکان یان گامێشی کۆپارەدار، کە زۆرجار لە کۆتایی سەردەمی ساسانی لە باکووری میسۆپۆتامیا و لەسەر مۆرەکان دەنەخشێنران و چاپەکانیان لەسەر گۆزەکان دەردەکەوتن (Tamm(2020), 426).

بە پێچەوانەی گڵێنە مۆرکراوەکان تەنها (5) پارچە گڵێنەی شوشەپۆش و نەخشی شانەی هەنگوین دۆزرانەوە کە لە کۆتایی سەردەمی ساسانی بەرچاون، لە دۆخێکدا گڵێنەی شوشەپۆش زۆر زووترە و لە مێسۆپۆتامیا بڵاوبۆتەوە، بەڵام شێوازیان لە باکوور، زۆر دەگمەنە یان تەنها لە کۆتایی سەردەمی ساسانی دەردەکەون و پاشان لە کۆتایی سەردەمی ئیسلامیدا دووبارە بە ڕێژەیەکی زۆر دەردەکەون (Tamm, et al.,(2018), 133). هەروەها نەخشی شانەی هەنگوین (Honeycomb) بە چەندین گۆڕانکارییەوە بە فراوانی بڵاوبۆتەوە بە درێژایی ڕووبەرێکی گەورە کە درێژدەبێتەوە لە خوزستانەوە بۆ باکووری سوریا هەروەها لە موسڵەوە بۆ کەنداو ( NOVÁČEK, (2022), 139).

### ڕووبەری (C):


دەکەوێتە لێواری ڕۆژئاوای گردۆڵکەی (A). زەوییەکەی تەختە (Otto,(2015),3). لەخوار(30 سم) ی بەشی سەرەوەی زەوییەکە، ئاستەکانی گڵێنەی ساسانی و ئیسلامی دەرکەوتن. هەروەها ڕاستەوخۆ لەژێر ئەم ئاستەوە گڵێنەی چاخی ئاسن دەردەکەون ( Tamm, et al., 127 ,(2018)). بەهەمان شێوەی قەڵای فولەیج (Fulayj) لەسەر کەناری دەریای عەرەبی (لە باکووری کەناری باتینە(Batinah) لە عومان) کە بۆ کۆتایی سەردەمی ساسانی دەگەڕێتەوە، بناغەی دیواری قەڵاکەی لە قوڵییەکی کەمدا بنیاتنراوە لەسەر پاشماوەی سەردەمی چاخی ئاسن (al-Jahwari, et al., (2018), 725-729).

### ڕووبەری (D):

دەکەوێتە لێوار و باکووری ڕۆژهەڵاتی گردۆڵکەی (A). لە قوڵایی بە نزیکی (50سم)، دیوارێکی بەردین دەردەکەوێت. کە ئەرکی پاراستنی گردەکەیە و بۆ سەردەمی شاملو[٢] دەگەڕێتەوە. لەسەرووی شۆستەی گڵێنەکانی شاملو بەردێکی زۆر و گڵێنەی سەردەمی ساسانی، پارچەی شوشە و ئاسن دەرکەوتن (Otto & Tamm, (2016),13). (بۆ بینینی هێڵکاری و خشتەی تۆمارکردنی نموونەی گڵێنەی هەڵبژێردراو و نموونەی گڵینەی هەڵبژێردراو لە گردی کاژاو، دەڕواندرێتە هێڵکاری (2)، خشتەی (٢)، نموونەی (2)).




نمونەی ژمارە(١-٤): نمونەی گڵێنەی هەڵبژێردراو لە گردی کاژاو، گۆزەی کۆگاکردنی لێو کراوە/ ڕووە و دەرەوە(وێنەی ١-٢)، ڕووەو ناوەوە(وێنەی ٣-٤)-(وێنەی: زانا عەبدولکەریم).




هێڵکاری ژمارە ١: نمونەی گڵێنەی هەڵبژێردراو لە گردی کاژاو، شێوەی ١ گۆزەی لێو خڕی ئەستوور بۆ دەرەوە، شێوەی ٢ لێو خڕی قوچاڵە بۆ دەرەوە، شێوەی ٣-٤ گۆزەی کۆگاکردنی لێو داخراو ڕووەوناوەوە (هێڵکاریی توێژەر).


٦





٥

نموونەی ژمارە(٥-٦): نموونەی گڵێنەی هەڵبژێردراو لە گردی کاژاو، گۆزەی کۆگاکردنی لێو داخراو/ ڕووە و ناوەوە(وێنەی ٥)؛ پارچە گڵێنەیەک کە بە نەخشی مۆرکردن نەخشێنراوە(وێنەی ٦). (فۆتۆ: زانا عەبدولکەریم).





هێڵکاری ژمارە ٢: نموونەی گڵێنەی هەڵبژێردراو لە گردی کاژاو، شێوەی ٥: گۆزەیەک لێوێکی داخراوی لۆچداری هەیە، شێوەی ٦: بەشێک لە لاشەی گڵێنەیەک کە پاشماوی دوو چاپی مۆری جیاوازی لەسەرە (هێڵکاریی توێژەر).




نمونەی ژمارە(٧-١٠): نمونەی گڵێنەی هەڵبژێردراو لە گردی کاژاو، چەند پارچە گڵێنەیەک کە بە نەخشی مۆرکردن نەخشێنراوە:

(٧) و(٩) و(١٠) خاچ نیشاندەدات، (٨) ڕووەک نیشاندەدات-(وێنەی: توێژەر).




هێڵکاری(٣):   نموونەی گڵێنەی هەڵبژێردراو لە گردی کاژاو کە نەخشێندراون بە نەخشی خاچ و هێڵ و چاپی مۆر. (هێڵکاری توێژەر).

خشتەی(٢)- خشتەی نموونەی گڵێنەی هەڵبژێردراو لە گردی کاژاو
(ئامادەکردنی: توێژەر)

| شێوە (Figure) | ژمارەی پارچەکان (Sherds number) | جۆر و شێوە و ئاراستەی پارچەکە (Type and Style and Orientation of Sherd) | نەخش و نیگار (decoration) | مامەڵەی – ڕووکاری دەرەوە (Exterior Surface Treatment) | ڕەنگی ڕووکاری دەرەوە (Exterior Color) | شێوازی دروستکردن manufacturing technique | هاوچەشن و سەرچاوەکان (Citation) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1-2 | B-731 | لێوی گۆزە. لێویکی شێوە مورووە. لێوێکی داخراوە. | شانە کراو (برین) – هێڵی شەپۆلاوی و ئاسۆیی | نییە | 2.5YR,7/6 | کۆیل (مارمارۆکە) | Priestman,2013,Fig. 18:12 a-c , d |
| 2-2 | A-25-3-1 | لێوی گۆزە. لێویکی خڕی چەماوە. لێوێکی داخراوە. | فشار - هێڵی قوڵکراو | کلس گرتویەتی | 7.5YR,8/4 | دەست | Rocco and Collinet, 2013, Fig. 80,3. |
| 3-2 | B-223-1 | لێوی گۆزەی کۆگاکردن. لێوێکی | دوو تڵیش لە سەر لێو- | نییە بەقیر لێوەکەی | 7.5YR,8/2 | کۆیل (مارمارۆکە) | Tamm, et al., (2018), Fig: |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هێلکەیی<br>ئەستورکراو.<br>لێوێکی داخراوە. | دوو شوێن پەنجە<br>لەسەر پشتێنەیەک. | رووپۆشکراوە | | | Abb 33-b.<br>Saber, et al.,(2010)-Sitek-A-5-10 |
| 4-2 | A-127 | لێوی گوزەی کۆگاکردن.<br>لێوێکی چوارگۆشەی<br>ئەستورکراو.<br>لێوێکی داخراوە. | تلّیش<br>-<br>رووشاندن<br>(بەشێوەی هێڵی ئەندازەیی) | لێوەکەی و بەشێکی خوار لێوەکەی بەقیر رووپۆشکراوە .<br>کلس گرتویەتی | 10YR,8/2 | کۆیل (مارمارۆکە) | Saber, et al., (2014), fig. 19,2.<br>-<br>Müehl, SSP-045-528-2.<br>-Saber, et al., (2014), Sitek-A-5-7. |
| 5-2 | A-23-1-1 | لێوی گوزە.<br>لێوێکی لۆچکرکراو/<br>قەدکراو.<br>لێوێکی کەمێ داخراوە. | کەلکردن<br>-<br>7تلّیش-<br>شانەکراو<br>-<br>گۆپکە | نییە | 7.5YR,8/4 | چەرخە | Wilkinson and Tucker(1995) , fig. 77,22 |
| 6-2 | B-675 | لاشە.<br>لاشەی گوزە. | مۆرکراو (گامێش)<br>-<br>شانە | خزکردن و<br>بریقەدارکردن و قیر؟ | 5YR,7/3 | چەرخە | Kruits,1997, fig.4 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 7-2 | B-525 | لاشە.<br>لاشەی گۆزە. | مۆرکراو<br>( خاچ) | لوسکردن | 10YR,7/2 | دەست | Kruits, 1997,<br>fig.4.<br>Hauser ,2007, fig.4 |
| 8-2 | A-103 | لاشە.<br>لاشەی گۆزە. | مۆرکراو<br>(نەخشی ڕووەکی) | لوسکردن | 10YR7/3 | دەست | |
| 9-2 | C-141 | لاشە.<br>لاشەی گۆزە. | مۆرکراو<br>( خاچ به شێوه گوڵەباخ) | نییه | 10YR8/4 | دەست | Kruits, 1997, fig.4 |
| 10-2 | O-300-007 | لاشە.<br>لاشەی گۆزە. | مۆرکراو<br>( خاچ) | نییه | 7.5YR,7/3 | دەست | Kruits,1997, fig.4 |



وێنەی نمونەی(2)- نمونەی گڵێنەی هەڵبژێردراو لە گردی کاژاو، بە نەخشی هێڵی قوڵکراو و دەرتۆقیو نەخشێنراوە –(وێنەکە لەلایەن توێژەرەوەگیراوە).

قوڕ و پێکهاتەی گڵێنەی هەڵبژێردراوی ساسانی لە گردی کاژاو

بە گشتی گڵێنەی کاژاو چوار شێواز و ڕێگە لە دروستکردنیدا بەکارهاتوون، ئەوانیش چەرخە، کۆیل، دەست و داڕشتە.

ا- شێوازی بە چەرخە دروستکراو(Wheel made Style):

بەم ڕێگایە (2) پارچە دروستکراوە، پوش بەکارنەهاتووە، زیخی تیا بەکارهاتووە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم و بە قەبارەی بچووک، هەروەها بە کەمی بریسکانەوەیان هەیە بە باشی سوورکراوەتەوە. هەرچەندە بە گشتی، وابیردەکرێتەوە کە شوشەپۆشکراو لە باشوری عێراق و بە تایبەت

لە هەرێمی بەسرە بەرهەمهێنرابێت (Kennet,(2002),154). سەرباری ئەوەش، سێ پارچە خزکراوە و تەنها پارچەیەکیش لووس کراوە.

ب- گڵێنەی بە شێوەی مارمارۆکە دروستکراو (Coil):

بەهەمان شێوە، بەم ڕێگایەش (٣) پارچە دروستکراوە. لە شێوازی کۆیلدا پوش بە ڕێژەیەکی بەرز بەکارهاتووە، زیخیان تیا بەکارهاتووە بە ڕێژەیەکی زۆر و بە قەبارەی جیاواز، بە باشی سوورنەکراوەتەوە جگەلەوە پارچەی (B-223-1) پێدەچێت لەبەر خۆر وشککرابێتەوە، چونکە درزی زۆری تێدایە و قوڕەکەی درشتە، هەروەها ڕووکاری دەرەوی بە توێژاڵێک قوڕی زۆر تەنک (ڕەنگ سپی پەمەیی) ڕووپۆشکراوە و شوێنەواری چاپی خام (کوتاڵ)ی لەسەر بەدیدەکرێت.

لە دوو پارچەیاندا قیڕ بەکارهاتووە لە بەشی دەرەوە و ناوەوە و لێوەکەیان ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە گۆزەی کۆگاکردنی شلەمەنی بووە (Brown, et.al, (2018),70).

ج- شێوازی بە دەست دروستکردن(Handmade Style):

بەم ڕێگایەش (٥) پارچە دروستکراوە. هەروەها لە شێوازی دەستدا قوڕەکەیان پوشی تێدا بەکارنەهاتووە، زیخیان تێدا بەکارهاتووە بە ڕێژەیەکی زۆر و بە قەبارەی بچوک و مامناوەند، کلس بەشێکی زۆری داپۆشیوە، بە باشی نەئۆکسینراون، بەڵام گڵێنە مۆرکراوەکان بە باشی سوورکراونەتەوە و ئۆکسێنراون. وەک دەزانرێت گەورەترین کۆمەڵەی گڵێنەی مۆرکراو کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە لە خەربەت دییر سیتون بوو کە بە نزیکی دەکەوێتە (40 کم) لە باکووری ڕۆژئاوای موصڵ، ژمارەیان (140) گڵێنەی مۆرکراو بوو (Kruits,(1997), 372-373).

**ئەنجامەکان**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک:

گردی کاژاو چینێکی گرنگی شوێنەواری سەردەمی ساسانی تێدایە کە جگە لە تەلارسازی و پاشماوەی تر، جۆرەها گڵێنەی ئەم سەردەمە لەخۆدەگرێت.

گڵێنەکانی گردی کاژاو جۆری وەک گۆزە و گۆزەی/ کوپەی کۆگاکردن لەخۆدەگرن.

گڵێنەکان بە گشتی لە دوو جۆر پێکدێن ئەوانیش جۆرەکانی نەخشینراون، و گڵێنەی سادە لەخۆناگرن، نەخشێنراوەکانیش بە چەندین شێوازی جیاوازی وەک هەڵکەندن، بڕین وشانەکردن، کەلکردن، فشارکردن، خلۆرکردن (ڕۆڵە)، بە شێوەی سەربارکردن یاخود خستنەسەر (وەک پشتێنەی کۆردۆن و گوریس(Rope) )، بە شێوەی مۆرکردن، بە شێوەی دارِشتە(قاڵب) دروستکراون.

گڵێنەکان بە چەندین شێوازی جیاوازی وەک کۆیل، چەرخە، دەست، دارِشتە(قاڵب) بەرهەمهاتوون. ئەو گڵێنانەی کە بە چەرخە دروستکراون زۆرینەیان شێوەیەکی ڕێکیان هەیە و کاریگەری چەرخەکە لەسەر ڕووکاری دەرەوە و ناوەیان دەبینرێت. جگەلەوەش قوڕەکەیان زیاتر خاوێنە لەچاو شێوازەکانی تر بە تایبەت شێوازی بەدەستدروستکردن، بەڵام ئەو پارچانەی کە لە ئەنجامی ڕووپێوییەکانەوە دەستکەوتوون ناسینەوەی شێوازی دروستکردنەکانیان ئاسان نییە، لەبەرئەوەی زۆریان داخوراون یاخود شۆردراونەتەوە.

به گشتی به لەبەرچاوگرتنی قەبارەی پێکهاتە و چڕیی پارچەکە دەکرێت هەویری (قوڕ)گڵێنەکە دابەشبکرێن بۆ سێ کۆمەڵە: ناسک، مامناوەند و زبر.

گڵێنەکان لە گردی کاژاو و سنووری توێژینەوەکە و تەنانەت ناوچەکانی هاوسنووری زۆر بەکەمی ناسک بن، زۆرینەیان لە مامناوەندەوە بۆ درشتن و لە هەندێک باردا پارچەی زۆر درشت/ زبر دەردەکەوێت کە ئەوانیش گۆزەی کۆگاکردنی گەورە ( Big Storage Jar) یاخود مەنجەڵی لێنان(Cooking Pot) .

گڵێنەکان زۆرجار زیخ و هەندێک کات کانزا لەخۆدەگرن (لماوین). هەندێک جار مادەی ئەندامی (پوش و کا)یان تێدا دەردەکەوێت. دەرکەوتنی شوێنەواری مادەی ئەندامیش پەیوەستە بە شوێنە شوێنەوارییەکانەوە. گڵێنەی ساسانی لە گردی ڕۆستەم و قەڵای سیتەک و چەند شوێنێکی تر لەکاتی دروستکردنیاندا مادەی ئەندامی بەکارنەهاتوون.

ڕەنگی قوڕی گڵێنەکان لە گردی ناوبراو هەمەجۆرە و بەهەمان شێوەی سنووری توێژینەوەکە بە گشتی قاوەیی کاڵ و پەڕیو و قاوەیی سوورباوی کراوە، قاوەیی تێر، سوور، سووری کاڵ، سووری کراوە، پەمەیی، سپی، سپیی پەمەیی کاڵ، زەردی کاڵ و زەردی سوورباون، بەڵام زۆر بە کەمیش خۆڵەمێشی کراوە، خۆلەمێشی سەوزباو، خۆڵەمێشی بۆرباوی کراوە، سەوزی تێر، پیرۆزەیی شین/ سەوز دەردەکەون. لە هەندێک باردا گڵێنەکە بە قوڕی ڕەنگ سوور یاخود ڕەنگ پرتەقاڵی زۆر کەمیش بە قوڕی ڕەنگ سپی ڕووپۆش (Slip) دەکرێن. هەروەها هەندێک گڵێنە نیشانەی لووسکردن (smooth) و بریقەدارکردنی (Polish)ی لەسەر دەردەکەوێت.

گڵێنەی گردی کاژاو بە سێ جۆر دروستکراوە، ئەو گڵێنانەی کە بە چەرخە دروستکراون پووش و کایان بە دەگمەن تیایە، بەڵام ئەوانەی کە بە کۆیل دروستکراون پووش و کایان تێدابەکارهێندراوە، بەڵام زیخ و چەو و مادە کانزاییەکانی زیاترە. و هەر لەم جۆرەشدا قیڕ بەکارهێندراوە.

لەڕووی نەخش و نیگارەوە لەگەڵ گڵێنە ساسانییەکانی سیتەک و گردی ڕۆستەم و تەپە کەل و نوزی، قلرخ و بازیان و قەڵای یەزدەگورددا لێکچوون هەیە.

**پەراوێزەکان**

تاق و ستان، تاق بوستان یاخود تاق وەسان: دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای کرماشان. ئەردەشێری دووەم و جێنشینەکانی نەخش و نیگارەکانی خۆیان لەسەر هەڵکۆڵیوە. (بۆ زانیاریی زیاتر دەڕواندرێتە: کریستێنسێن،٢٠١١، ٣١٨-٣٢٠).

گڵێنەی شاملو، بۆ یەکەمجار لە گردی شاملو لە کەناری دەریاچەی دەربەندیخان لە باشووری خۆرئاوای دەشتی شارەزوور دۆزرایەوە، ئەم جۆرە گڵێنەیە لە زۆر ناوچەی تری نێوان ڕووباری سیروان و دوکان دۆزراوەتەوە، و مێژووی ئەو چینانەی کە ئەم گڵێنەیەی تێدا دۆزراوەتەوە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە، دڵشاد ع. مارف پێیوایە کە ئەم گڵێنەیە، گڵێنەیەکی تایبەتە بە لوللوبییەکانی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە. (بۆ زانیاریی زیاتر، دەڕواندرێتە: Marf, ;2016, p.310; مارف، ( ٢٠٢١)، ل ل. ١٣٨-١٣٩).

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


- ئارتوور، کریستێنسێن(٢٠١١)، "ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان"، و. ئاشتی، سەلاحەددین، سلێمانی، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان.
- کۆباجی، جیهانگیر کۆجی، (١٩٩٨)، "نەخشە هەڵکەندراوەکانی بەردینەکانی تاقوسان،" و. عبدالکریم، حەسەن، **گۆڤاری هەزارمێرد**، ژمارە ٦، ل ل. ٣٩-٥٥.


### سەرچاوە عەرەبییەکان:


- المؤسسة العامة للآثار، ١٩٧٠، **اطلس المواقع الأثرية في العراق**، بغداد.


- سەرچاوە فارسییەکان:


- باغ شیخی، میلاد، و دیگران، (١٣٩٨)، درآمدی برشناخت شناسی سفال های ساسانی و اسلامی محوطەء شیرکوۆ نایین، فلات مرکزی ایران،" مطالعات باستان شناسی پارسە، شمارە ١٠، ص ص: ٧٨-١٠٧.
- محمدی فر، یعقوب، و طهماسبی، الناز، (١٣٩٣)، "طبقە بندی سفال ساسانی درە سیمرە، مطالعە موردی: قلعە سیرم شاە، پرۆهشژائ باستان شناسی ایران، شمارە ٧، ص ص: ١٣٣-١٥٢.


### سەرچاوە بیانییەکان:


- Al-Jahwari, Nasser Said, et al., (2018) “Fulayj a Late Sasanian fort on the Arabian coast”,

- Antiquity Publications Ltd, Antiquity, pp: 724–741.
- BROWN, MICHAEL, et al., (2018), “PORTRAITS OF A PARTHIAN KING: ROCK-RELIEFS AND THE MOUNTAIN FORTRESSES OF RABANA-MERQULY IN IRAQI KURDISTAN”, IRAQ, Vol.*80*, The British Institute for the Study of Iraq, P:63-77.
- Emberling, G., 1996. Settlement Development in the North Jazira, Iraq: A Study of Archaeological Landscape. *American Antiquity*, *61*(4), pp.820-821.
- Haddon, R.W., 2016. Nishapur Revisited: Stratigraphy and Ceramics of the Qohandez: by Rocco Rante and Annabelle Collinet, with contributions by Rajabali Labbaf Khaniki and the C2RMF. Oxbow Books, 2013. *Journal of Islamic Archaeology*, *3*(1), pp.150-151.
- Hauser, Stifan R, and Halle, (Saale), (2007) “Christliche Archäologie im Sasanidenreich: Grundlagen der Interpretation und Bestandsaufnahme der Evidenz”, eds. Tubach, Jürgen, et al.,) Inkulturation der Christentums im Sasanidenreich Wiesbaden Dr Ludwig Reichert Verlag, pp: 93-136.

- Kennet, Derek, (2002), “Sasanian Pottery in Southern Iran and Eastern Arabia”, Iran, Vol.40, pp: 153-162.
- Kruits, John, (1997), “THE CHURCH AT KHIRBET DEIR SITUN”, AL-RÁFIDÁN, VOL. VXIII, pp: 369-379.
- NováčeK, Karel (2022), “The Sasanian to Islamic Transition in Northeastern Mesopotamia: A Ceramological View, Exploring‘Dark Ages’, Archaeological Markers of Transition in the Near East from the Bronze Age to the Early Islamic Period”, Edis, Kühne, Hartmut, Studia Chaburensia | Vol. 10, , Editorial Board: Peter M.M.G. Akkermans, et al., pp: 125-145.
- Otto, Adelheid, (2015), “Report of the first season of Excavations at Kazhaw, Province of Sulaimaniyah”, Germany, University of Munich, unpublished Field Report, pp:1-14.
- Otto, Adelheid and Tamm, Alexander, (2015), “Excavations at Gird-i Kazhaw, Iraqi Kurdistan Shahrizor plain, Province of Sulaymaniya, First Campaign”, Greece, Mediterranean Archaeology and Archaeometry, Vol. 13, No. 2, pp: 89-101.

- Otto, Adelheid et al., (2016), “Preliminary Report about the Excavations at Gird-i Kazhaw, Iraqi Kurdistan Shahrizor plain, Province of Sulaymaniya, Second Campaign”, Germany, University of Munich, unpublished Field Report, pp: -1-16.
- Priestman, Seth, and Simpson, St. John, (2003), “Parthian, Sasanian and Early Islamic Pottery: dating, definition and distribution, A specialist workshop at The British Museum”, Department of the Ancient Near East the British Museum, pp:1-46.
- SABER, et al., (2014), “REPORT ON THE EXCAVATIONS AT TELL SITAK: THE 2010 SEASON”, IRAQ, Vol. 76, pp: 205–229.
- Tamm, A, et al., (2018)“Ausgrabungen in Gird-i Kazhaw (Iraqi-Kurdistan) 2015–2017”, Mitteilungen der Deutschen Orient-Gesellschaft zu Berlin, MDOG.150, pp:89-146.
- Tamm, Alexander, (2020), “A Sasanian Hinterland Fortres in The Sharizor(Iraqi-Kurdistan)”, eds, Otto, Adelheid, et al., Proceedings of the 11th International Congress on the Archaeology of the Ancient Near East, 11 th ICAANE, 2020, Harrassowitz Verlag Wiesbaden, Vol. 2, pp:423-434.

# Sassanian Pottery in Gird-i Kazhaw in the Sharezur Plain

# (Analytic field research)

## Abstract

Gird-i Kazhaw is located in the east of Bestansur village in the Sharezur plain, this Tell had been excavated in two seasons in 2015-2016 by a joint German team and a Kurdish team from directorate of antiquities of Sulaimani, during the excavation an important level discovered there.

This paper deals with the discovered Sassanian pottery in Gird-i Kazhaw, their decorations, their types, and their distributions. The decorations on the Sassanian ceramics of this site performed with incising, carving, adding, molding, painting, and also the seal impressions on the Sassanian jars bear several types of decorations. We categorized them according to their subjects. We also studied the fabrics of the Sassanian ceramics in Kazhaw. In this paper we compare the Sassanian pottery of Kazhaw with the other contemporary Sassanian examples that were discovered in the other Sassanian sites in the Sharezur plain and the other sites in the regions in Mesopotamia, the Zagros and Iran.

**الملخص**

يقع گردي كاژاو، شرقي قرية بيستانسور في سهل شهرزور شرقي مدينة السليمانية. في ٢٠١٥-٢٠١٦ أجرى فريق مشترك من علماء آثار الألمان و آثاريي دائرة الآثار و التراث في السليمانية حفريات أثرية في هذا التل. ظهرت طبقة مهمة من العصر الساساني على هذا التل.

تركز هذه الدراسة على الفخار الساساني المكتشف في گردي كاژاو، حيث تختلف الأنماط و أشكال الفخار الساساني وتباين توزيع الزخارف على الجرار. بالإضافة إلى الأساليب المختلفة مثل النقش أو الإضافة، وكذلك طبعات الأختام المنبسطة على الأواني والأكواب من هذه الفترة نفسها تحتوي على عدة زخارف متنوعة، على شكل صب وعلى شكل زخارف ملونة. طينة فخار الساساني في كاژاو وتكوينه هي جزء من خصائص الطين التي نلقي الضوء عليه في هذا البحث.